# بایۆگرافیای بوزورگی عەلەوی



باران

ئا: د. لاوەند عەلی

_ مجتەبا بوزورگی عەلەوی نوسەر و رۆژنامەنوس و سیاسی و مامۆستای زمانناسی لە 13 بەهمەنی 1282 (1904/2/3)لە تاران لە دایکبووە.

_ زۆربەی ژیانی لە تاراوگە بە رەخنەو ئەدەبەوە بەسەربردووەو بەیەکێك لە داستانووسە نوێکانی ئێران دادەنرێت.

_ خێزانەکەی بازرگان بوون و سەر بە مەشروتە بوون.

_ یەکەمین چیرۆك لە 1921 بەناوی (سەربازی فیشەك _ سرباز سروبی) نوسیوە.

_ 1302/1923 لەگەڵ باوکی دەچێت بۆ ئەڵمانیا.

_ لە ئەڵمانیا بەشی پەروەردە و دەروونناسی خوێندوە.

_ باوکی سیاسی بووەو لە ساڵی 1927 لە بەرلین خۆی کوشتوە.

_ دوای ساڵێك گەڕایەوە بۆ ئێران و لە شیراز ساڵێك وانەی ئەڵمانی وتوەتەوە.

_ لە ساڵانی (1929-1308) لە تاران درێژەی بە خوێندن و نوسین داوە.

_ ساڵی 1931 ئاشنایەتی لەگەڵ صادق هیدایەتی دروستکردووە و لەگەڵ هەریەکە لە (مسعود فرزاد) و مجتبا مینوی) گروپی نوێخوازی چوارەمیان لە دژی ئەدەبیاتی کۆن راگەیاندن.

_ هاوکاری گۆڤاری (دنیا) ی دەکرد و بە ناوی خوازراوی (فەرەیدون ناخدا) وە بڵاوکردەوە.

_ لە ساڵی 1934 یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکی نوێی بە ناوی (جانتا) وە بڵاوکردووەوە، ئاشکرایە کاریگەری فرۆید و صادق هیدایەتی لەسەرە.









_ ساڵی 1937 لەگەڵ گروپێکی (57) کەسیدا دەستگیردەکرێن و (7) ساڵ زیندان بەسەریدا دەدرێت.

_ ساڵی 1941 ئازاددەبێت.

_ لە ساڵی 1941 دەبێتە یەکێك لە دەستەی دامەزرێنەرانی حزبی تودە.

_ ساڵی 1943 دەبێتە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی پەیوەندی فەرهەنگی ئێران و روسیا و سەرنوسەری پەیامی نوێ.

_ ساڵی 1943 بەشدار چالاکی کۆنگرەی نوسەرانی ئێران بووە.

_ ساڵی 1951 کۆمەڵێك بابەتی لە گۆڤاری (وتە) و (خەڵك) دا بڵاودەکاتەوە.

_ ساڵی 1951 کۆمەڵە چیرۆکی خۆی (نانەکان) ی نوسیوە.

_ ساڵی 1952 شاکاری (چاوەکانی) بڵاوکردۆتەوە.

_ ساڵی 1953 لە پراگ بەشداری فیستیڤاڵی ئەدەبی کردووە.

_ لە کودەتای 28/ مرداد چوو بۆ ئەڵمانیای رۆژهەڵات و بووە مامۆستای بەشی زمان و ئەدەبیاتی فارسی لە زانکۆی (هومیولن)

_ دواتر سەرقاڵی ئێران ناسی بووە، بۆیە چیرۆکی لە بارەی ئومێد و رەنجی کۆچبەرانی ئێرانیەوە بڵاەکردۆتەوە.

_ ساڵی 1978 رۆمانی (سالاریەکان)ی لە بارەی ئاڵوگۆڕی خێرانە گەورەکان لە ساڵی 1920 نوسیوە.

_ دوای کودەتای 28 مرداد رۆمانی (گێڕانەوە) ی نوسیوەو دوای مردنی لە ساڵی 1998 بڵاوکراوەتەوە.

_ یەکێك لە نوسەرە دیار و ناسراوەکانی ئێران لە سەدەی بیستەمدا.

_ جگە لە نوسین چەندین کاری وەرگێڕانیشی کردووە.

_ لە 1997/2/9 لەنەخۆشخانەی (فریدریشی هاین) لە بەرلین کۆچی دوای کردووە.